کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:06 16-6-2007

## کۆمیتەی بەرگری لەرۆژنامەوانی کوردستان کەمپینێک بۆدژی هەرەشەکردنی بەرپرسیان دەدەنێت دادەنێت

دوای ئەوەی بەرپرسێکی دادگا لە شاری هەولێر بە ناوی حاکم تاریق، کە دەبێ بەرگری لە یاسا بکات، هەڕەشەی لە ڕۆژنامەوان بورهان قادر کرد و ئامادەنەوبوو داوای لێبوردن بکات، کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان ئەم هەڕشەیە بە مەترسیەکی گەورە دادەنێت لە سەر ئازادی ڕۆژنامەوانان بە تایبەت کاتێک دەسەڵاتی یاسایی ئەو لایەنە بێت کە هەڕەشەکار بێت. هەر بۆەیەش کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانان ئەم کەمپینە ڕێک دەخات دژ بە پێشێل کاری ئازادی ڕۆژنامەوان و هەڕشەکانی حاکم تارق.

هەرەشەکانی حاکم تاریق لەوەوەبووکە دوای ئەوەی رۆژنامەنووسی رۆژنامەی هاوڵاتی لەژمارەی رۆژی 5/23 هەواڵییێکی بڵاوکردەوە لە ژێر ناوی "دوای تەقینەوەکەی هەولێر حکومەت وەزارەتی ناوخۆی پشت گوێ خستووە" و ئەو ڕۆژنامەوانە لەلایەن بەرێوبەری گشتی دیوان لەوەزارەتی ناوخۆ روبەروی هەرەشە دەبێتەوە.

پێشتر ئەو رۆژنامەنوسەی هاوڵاتی) بوهان قادر) بە رۆژنامەکەی راگەیاند بوو کە ئەو"لەسەر داوای خودی حاکم تاریق ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە خۆیشی تەئکیدی ئەکردەوەلەوەی کەبەتوندی بینوسم، بە لام کەهەواڵەکە بڵاوکرایەوە، بۆ بەدواداچونێکی تر پەیوەندیم پیوەکرد پێیوتم لەبەر رێزی خۆم نەبێت هەزار شەقازللەت لێدەدەم، سەخیف جارێکی دیکە تەلەفون نەکەیت".

"ئێمە لەکۆمیتەی بەرگری لەرۆژنامەنوسانی کوردستان ئەو هەرەشانەبەکارێکی پێشێلکاری دەزانین کەرۆژانە دەرهەق بەرۆژنامەنوسان دەکرێت،

هەروەها "ئەو هەرەشانەبەمەترسی لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری دەزانینو ئەو سوکایەتیەش بەسوکایەتی دەزانین دەرهەق بەهەموو رۆژنامەنوسان ".

بۆ ئەم مەیەستەش هەر کەسێک دەیەوێت بەشدار بێت لەم کەمپینەدا با ناو ناونیشانی خۆی بنێرێت بۆ ئەم ئمەیلە

Ko_b_r_ku@yahoo. se

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان

http://www.journalist.kurdistanan.net /

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.